www.kurdistannet.org
9-11-2005 20:18یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆنسێرتێک بۆ ئیبۆ (وە فەحم کرد) ! ... کەمال مجید هەولێری

ماوەیەکە دەنگۆیەک هەیە، لە کەناڵیکی ئاسمانی دەهۆڵ بۆ هاتنی ئیبراهیم تاتلی ساز لێدەدرێت کە لەشارەکانی کوردستان کۆنسێرتی بۆ دەکەن، ئەو ڕیکلامە بێ سەرو بەرە خەڵکی کوردستان و تەنانەت کوردەکانی ئۆروپاشی هەراسان کردوە، وەک بڵێی دەسکەوتێکی زۆر مەزنیان بۆ کورد بە دەست هێنابێت وایە! دەڵێن گوایە بەرپرسێکی زۆرگەورە بەو کارە هەڵسایە!

گوتیان لە جەژن، پاشان کرا بە دوای جەژن وا خەریکە جەژنی قوربان و سەری ساڵیش بێت، ریکلام هەر نەبڕایەوە، من وای بۆ دەچم هێشتا بە مایەی خۆیان هەڵنەستابن بلیتە 25 دۆلار باوییەکانیان تۆزی لەسەر نیشتبێتو کەم کەس بە لایەوە هاتبێت. بۆیە ئیبۆی بەچکە تورکیش هەر نەهات! ئاخر دوو ملیۆن دۆلار بە دەم خۆشە. .

پێیان وایە بەو کۆنسێرتە خزمەتی پەیڤوهونەری کوردی دەکەن؟؟!! بێ ئاگان لەوەی کە ئیبۆ سەدان گۆرانیو ئاوازی کوردی بۆداگیرکەری تورک دزیوە. هەمومان ئەزانین برایم بەڕەچەڵەک کوردە، بەڵام پێیشەرمە هەتابۆ ڕیکلامەکەشیان بەکوردی بدوێ، بە تورکی دەڵێت دێم بۆ عێراق دوایین وشەی دبێژیت (وە فەحم کر) ئەوەیە کوردی عەییار. . !! کەچی لە سەر شاشەی زاگرۆس تیڤی بێشەرمانە بۆ چەواشەکردنی خەڵکانێک نوسراوە ئیبۆ دەڵێت دێم بۆ کوردستانی عێراق! ئیبۆ بۆ کورد بۆ نەتەوەکەی نایەت کۆنسێرت بکات لە خۆشی دۆلارە ڕوو لە هەرێم دەکات، دەڵاڵ و بەربوکەکانی ئیبۆ {عباس ئێربللی و سعد بەلەم } کە قاچاخچیو میتی تورکن زۆربەی کوردەکانی ئۆروپا چاک دەیانناسن، جێگای سەرسوڕمانە بۆ هێنانی (ئیبۆ) حکومەت گرێبەستیان لەگەڵدا دەکات، شەرمە بۆ وەزارەتی رۆشەنبیری و زوڵمێکی گەورەشە لەپەیڤو ئاوازو هونەری کوردی ئەگەر ئەو کارەئەنجام بدرێت. ئیتر ئەوە ناڵێم ئەگەر لەکاتی ئاهەنگ لە دهۆک جامانەیەکی سورولە سلێمانیش دەسمالێکیسەوز بخەنە سەرشانو ملی. جوان حاجۆ کە خەڵکی کوردستانی سوریایە دەچێت لە ئامەد بە جلی کوردی وبە جامانەی سەر ملی بۆ کوردەکانی ئەوێ لە نەورۆزدا بە گۆرانی پێشمەرگەنە کۆنسێرت دەست پێدەکات، دوێنێش لە هەولێرخەونو ئومێدیخۆی بە دەوڵەتی کوردی مەردانە بەگوێی دنیا دەگەیاند، هونەرمەندی ڕەسەنو خاوەن هەڵوێست دەبێ وابێت، خۆ ئەگەر كاك ئیبۆ ئەوەشی پێ نەدەکرا، دەکرا بڵێت بەشێک لە داهاتی کۆنسێرتەکانم دەبەخشم بە پاشماوەکانی هەڵەبجەو ئەنفال یاخود منداڵە بۆیاخچیە کرمانجە بێنازەکانی نێو کوچەو تەرمیناڵو سەر شەقامەکانی جەزیرەو ئامەدو ئەستەنبۆڵ کە لەو گرانیەی ئەوێ بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک بۆ ژیانێکی کۆلەمەرگی ڕاوی سەگ دەنێن. ئاخر بۆ ئێمەی کورد شەرمەزارییە لە کۆنسێرتی کەسێک بەشداربین بە رەچەڵەک کورد بێتو بێگانە پەرست وشەی کوردی لەدەم نەیەتو لەسەرزاری ژەهری ماربێت، دە با ئیدارەی هەولێریش لە جیاتی ئەو کۆنسێرتە مشوری دابین کردنی ئاووکارەبا بخوات بۆ پایتەختە تاریکستانەکەی هەرێمو قەیرانی کرێچیو بێکاری گەنجە خێر لەخۆ نەدیوەکان و قەیرانی سوتەمەنیو ئەو بەڕەڵلاییە چارەسەر بکات کە دوانزە ساڵە لە بەر دزی و گەندەڵی ئیداری دابەشکردنی زەوی بە دۆنمو هەکتار لەمبەرو ئەوبەری جاددەی هەولێر سەلاحەدین بەسەر مەسئولەکان، جگە لە ئاوا کردنی ڤێللاو کۆشکو تەلار لە پیرمامو سەریڕەش هتد. . . خەمێکی دیکەی لەبەر نیە. ئێوە خەڵکی بە گەمژە مەزانن حوکمدارانی بەرلە ئێوەش خۆتان ئاسا مەستی پارەو دەسەڵات بوون، هەر وایان تێدەڕوانی، ڕاپەرینی خەڵکی ئاکرێو سوتاندنی بەنزینخانەکان زەنگێکی خەتەرناکە دەبێ لەمەودوا دەرکی پێبکەن، کار وا بڕوا شۆڕشو ڕاپەڕینێکی دیکە هێندەی نەماوە لە داییک بێت ها بە ڕێوە.